بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

وَالنَّجْمِ إِذَا هَوَى ﴿1﴾

سوێند بەو ئەستێرەیەی کە لە شوێنی خۆی دەترازێت و بەخێرایی بەرەبێتەوە.

مَا ضَلَّ صَاحِبُكُمْ وَمَا غَوَى ﴿2﴾

هاوەڵ و هاوڕێی ئێوە (محمد صلى الله عليه وسلم) گومڕاو سەرلێشێواو نیە، لەڕێگەی ڕاست و ڕەوان نەترازاوە.

وَمَا يَنطِقُ عَنِ الْهَوَى ﴿3﴾

قسەو گوفتاریشی لە ئارەزووبازیی و هەواو هەوەسەوە نیە.

إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْيٌ يُوحَى ﴿4﴾

(ئەمەی کە ڕایدەگەیەنێت) بەدەر نیە لە نیگاو (وەحی خوایی).

عَلَّمَهُ شَدِيدُ الْقُوَى ﴿5﴾

(جوبرەئیل)ی فریشتە خاوەنی هێزو توانای زۆر، (قورئانی فێر دەکات).

ذُو مِرَّةٍ فَاسْتَوَى ﴿6﴾

(ئەو جوبرەئیلەی کە خاوەنی بیرو هۆش و تواناییە، خۆی نیشاندا لە سەرتای (وحی)دا لە کاتێکدا کە بەڕێکی وەستابوو.

وَهُوَ بِالْأُفُقِ الْأَعْلَى ﴿7﴾

وه ئەو فریشتەیە لە ئاسۆی بڵندەوە سەری هەڵدابوو، ئاسۆی پڕکردبوو.

ثُمَّ دَنَا فَتَدَلَّى ﴿8﴾

لەوەودوا تا دەهات نزیك دەبۆوەو هاتە خوارەوە بۆ لای (پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم).

فَكَانَ قَابَ قَوْسَيْنِ أَوْ أَدْنَى ﴿9﴾

(ئەوەندە لێی نزیك بۆوە) نێوانیان بەقەدەر دووكەوان یا كەمتریش بوو.

فَأَوْحَى إِلَى عَبْدِهِ مَا أَوْحَى ﴿10﴾

(ئینجا خوا لە ڕێگەی ئەوەوە) نیگای كرد بۆ بەندەی خۆی ئەوەی كە نیگای كرد.

مَا كَذَبَ الْفُؤَادُ مَا رَأَى ﴿11﴾

ئەوسا ئەوەی كە بەچاوی سەری بینی، لەناخ و دەروونیەوە بڕوای پێی هەبوو، ناخ و دەروونی ڕاستییەكانی بەدرۆ نەدەخستەوە.

أَفَتُمَارُونَهُ عَلَى مَا يَرَى ﴿12﴾

ئایا (ڕاستە؟) كە ئێوە (مجادلە)ی لەگەڵدا دەكەن لەسەر شتێك كە ئەو دڵنیایە لە دیتنی.

وَلَقَدْ رَآهُ نَزْلَةً أُخْرَى ﴿13﴾

جارێكی تریش لە دابزینێكی تردا (جوبرەئیلی) بینیوە (كاتێك كە هاتووە بیبات بۆ شەوڕەوی و بڵندبوونەوە بۆ (إسراء ومعراج).

عِندَ سِدْرَةِ الْمُنْتَهَى ﴿14﴾

لەو شەوەدا هەتا (سدرة المنتهى) کە شوێنێکی تایبەتییە (لە خزمەت پێغەمبەردا بوو).

عِندَهَا جَنَّةُ الْمَأْوَى ﴿15﴾

لەوێدا بەهەشتی (مأوی) هەیە بە واتای لانەو جێگەی حەوانەوە.

إِذْ يَغْشَى السِّدْرَةَ مَا يَغْشَى ﴿16﴾

جا ئیتر ئەوەی کە بە (سدرة)دا تێدەپەڕێت (مەگەر هەر خوا خۆی بزانێت کێن و چین و کاریان چییە..).

مَا زَاغَ الْبَصَرُ وَمَا طَغَى ﴿17﴾

(جا بینینی ئەو بەدیهێنراوانە لەو شەوەدا) وەنەبێت چاو بە ست ووبت یان لە سنووری هەستەکان دە رچووبت.

لَقَدْ رَأَى مِنْ آيَاتِ رَبِّهِ الْكُبْرَى ﴿18﴾

بەڵکو (پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم) لەوشەوەدا لە بەڵگەو نیشانەو (معجزة) گەورەکانی پەروەردگاری بینیووە، بەچاوی سەری، بە هەموو هەستی..

أَفَرَأَيْتُمُ اللَّاتَ وَالْعُزَّى ﴿19﴾

(کەچی) ئێوە (ئەی خوانەناسان) چی دەپەرستن؟! لات و عزی (ئەو دوو دانە بتی ناشرین و ئێسك تاڵ کە خۆتان دروستان کردوون؟!!)

وَمَنَاةَ الثَّالِثَةَ الْأُخْرَى ﴿20﴾

(مناة)ی سێیەمیش با لەولاوە بوەستێت!!

أَلَكُمُ الذَّكَرُ وَلَهُ الْأُنثَى ﴿21﴾

(ئایا ڕەوایە) کوران بۆ خۆتان و کچان بۆ خوا (بەچوك بزانن، خوای گەورە دەیەوێت بە عەقڵی چەوتیان ڕەخنە تان ل بگرێت، ئەگینا کوڕو کچ هەردووك دروست کراوی خوان و پێوەری ڕێز تەنها (تقوى)و پارێزکارییە.

تِلْكَ إِذًا قِسْمَةٌ ضِيزَى ﴿22﴾

(ئەگە ر وابێت) ئەو دابەشکردن و بڕیارەتان زۆر دوورە لە دادپەروەریەوە و لە سنوور ترازانە.

إِنْ هِيَ إِلَّا أَسْمَاء سَمَّيْتُمُوهَا أَنتُمْ وَآبَاؤُكُم مَّا أَنزَلَ اللَّهُ بِهَا مِن سُلْطَانٍ إِن يَتَّبِعُونَ إِلَّا الظَّنَّ وَمَا تَهْوَى الْأَنفُسُ وَلَقَدْ جَاءهُم مِّن رَّبِّهِمُ الْهُدَى ﴿23﴾

(ئەم بت و پەیکەرانە) تەنها شتێکە کە خۆتان و باوانتان ناوتان لێناون، هەرگیز خوا بەڵگەیەکی نەناردووە لەسەر ڕەوا بوونیان، سەیرە، ئەوانە تەنها شوێنی گومان و ئارەزواتی دەروونە (نەخۆشەکانیان) دەکەون، لە کاتێکدا کە بەڕاستیی لەلایەن پەروەردگاریانەوە هیدایەت و ڕێنموونییان پێگەیشتووە.

أَمْ لِلْإِنسَانِ مَا تَمَنَّى ﴿24﴾

(ئایا ئادەمیزاد بۆ بیرناکاتەوە) مەگەر ئاواتەکانی (بە تەواوی) دیتە دی (لە دنیادا)؟!

فَلِلَّهِ الْآخِرَةُ وَالْأُولَى ﴿25﴾

خۆ ئاشکرایە کە هەر خوا خاوەنی ئایندەو ئێستایە، قیامەت و دنیایە.
(ئەی بۆ هەوڵ نادەن ئەو زاتە لە خۆیان ڕازی بکەن).

وَكَم مِّن مَّلَكٍ فِي السَّمَاوَاتِ لَا تُغْنِي شَفَاعَتُهُمْ شَيْئًا إِلَّا مِن بَعْدِ أَن يَأْذَنَ اللَّهُ لِمَن يَشَاءُ وَيَرْضَى ﴿26﴾

**(چاك بزانن)** كه: چه‌نده‌های بێ شومار فریشته له ئاسمانه‌كاندا هه‌یه كه تكاو پاڕانه‌وه‌یان ناكامه و **بێسووده**، مه‌گه‌ر خوا مۆڵه‌ت بدات بۆ هه‌ركه‌**سێك** (كه شایسته‌یه) **وه** ڕازی بێت كه تكا بكات، یان تكای بۆ بكرێت.

إِنَّ الَّذِينَ لَا يُؤْمِنُونَ بِالْآخِرَةِ لَيُسَمُّونَ الْمَلَائِكَةَ تَسْمِيَةَ الْأُنثَى ﴿27﴾

بێگومان ئه‌وانه‌ی كه **باوه‌**ڕیان به قیامه‌ت و لێپرسینه‌**وه** نیه ناوی ئافره**ت ده**نێن له فریشته‌كان، (له حاڵێكدا كه فریشته‌كان دروستكراوانێكی تایبه‌تین).

وَمَا لَهُم بِهِ مِنْ عِلْمٍ إِن يَتَّبِعُونَ إِلَّا الظَّنَّ وَإِنَّ الظَّنَّ لَا يُغْنِي مِنَ الْحَقِّ شَيْئًا ﴿28﴾

ئه‌وانه له‌**وباره‌یه‌وه** هیچ جۆره زانستی و زانیارییه‌كیان نیه، به‌ڵكو هه‌ر شوێنی گومانی بێ سه‌**روبن ده**كه‌ون، له كاتێكدا كه گومان به هیچ **شێوه‌یه‌ك** جێگه‌ی حه‌ق و ڕاستی ناگرێته‌**وه**.

فَأَعْرِضْ عَن مَّن تَوَلَّى عَن ذِكْرِنَا وَلَمْ يُرِدْ إِلَّا الْحَيَاةَ الدُّنْيَا ﴿29﴾

گوێ مه‌**ده** به‌و كه‌سه‌ی كه یاخی بووه له یادو به‌رنامه‌ی ئێمه، مه‌به‌ده‌تی سه‌**ره**كی و بڕوای ته‌نها به ژیانی دنیایه.

ذَلِكَ مَبْلَغُهُم مِّنَ الْعِلْمِ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ بِمَن ضَلَّ عَن سَبِيلِهِ وَهُوَ أَعْلَمُ بِمَنِ اهْتَدَى ﴿30﴾

ئه‌وانه، هه‌ر ئه‌**وه‌نده**ی لێده‌زانن و هه‌ر ئه‌**وه‌نده** عه‌قڵیان ده‌بیبڕێت، به‌راستی هه‌ر په‌**روه**ردگاری تۆیه كه چاك ده‌زانێت كێ له ڕێبازه‌كه‌ی

لایداوەو گومڕا دەبێت، کێیش ڕێبازی ئیمان و هیدایەتی گرتوتە بەرو (شایستەی ڕێزە).

وَلِلَّهِ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ لِيَجْزِيَ الَّذِينَ أَسَاؤُوا بِمَا عَمِلُوا وَيَجْزِيَ الَّذِينَ أَحْسَنُوا بِالْحُسْنَى ﴿31﴾

هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە هەر خوا خاوەنیانە، سەرئەنجام پاداشتی خراپان و تاوانباران بە گوێرەی کردەوەکانیان دەداتەوە، پاداشتی چاکەکارانیش بەچاکترین شێوە دەداتەوە.

الَّذِينَ يَجْتَنِبُونَ كَبَائِرَ الْإِثْمِ وَالْفَوَاحِشَ إِلَّا اللَّمَمَ إِنَّ رَبَّكَ وَاسِعُ الْمَغْفِرَةِ هُوَ أَعْلَمُ بِكُمْ إِذْ أَنشَأَكُم مِّنَ الْأَرْضِ وَإِذْ أَنتُمْ أَجِنَّةٌ فِي بُطُونِ أُمَّهَاتِكُمْ فَلَا تُزَكُّوا أَنفُسَكُمْ هُوَ أَعْلَمُ بِمَنِ اتَّقَى ﴿32﴾

ئەوانەی کە خۆیان دەپارێزن لە گوناهو تاوانە گەورەکان، جگە لە وردە گوناهان، بەراستی پەروەردگاری تۆ (ئەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم، ئەی ئیماندار) چاوپۆشی زۆر فراوانە، چاك دەتان ناسێت، کاتێك کە ئێوەی لە زەویدا بەرپاکردووە ، پاشتر ئێوە کۆرپەلەی بچوك بوون لە سکی دایکتاندا، خۆتان بەچاك مەزانن و خۆتان بە پاڵفتە دامەنێن، چونکە هەر خوا خۆی دەزانێ کێ تەقوای هەیەو پارێزکارە.

أَفَرَأَيْتَ الَّذِي تَوَلَّى ﴿33﴾

(لەگەڵ ئەو هەموو گرنگییەدا کە بە ئادەمیزادمان داوە) دەبینیت هەندێك کەس سەربادەدات و پشت هەڵدەکات (لە خواناسیی و ڕاستیی).

وَأَعْطَى قَلِيلًا وَأَكْدَى ﴿34﴾

کەمێك دەبەخشێت و خێرا دەستدەگرێتەوە و دەست دەنوقێنێت و نابەخشێت.

أَعِندَهُ عِلْمُ الْغَيْبِ فَهُوَ يَرَى ﴿35﴾

ئایا ئەو جۆرە کەسانە زانستی و نهێنی دەزانن و ئاگاداری شاراوەکانن و دەیبینن (تا سەرئەنجامی ئەو کارەیان باش بێتە بەرچاو)؟!

أَمْ لَمْ يُنَبَّأْ بِمَا فِي صُحُفِ مُوسَى ﴿36﴾

ئاخۆ ئەوانە هەواڵی کتێبەکەی موسا (تەوراتیان) پێگەیشتبێت؟

وَإِبْرَاهِيمَ الَّذِي وَفَّى ﴿37﴾

یا لە بەرنامەی ئیبراهیمی بەوەفا (ئاگادارن؟!)

أَلَّا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَى ﴿38﴾

(کە لەو بەرنامە پیرۆزەدا هاتووە): هیچ کەس گوناهی هیچ کەس
هە ناگرێت.

وَأَن لَّيْسَ لِلْإِنسَانِ إِلَّا مَا سَعَى ﴿39﴾

بەڕاستی ئادەمیزاد هەر ئەوەی بۆ دەمێنێتەوە کە دەستپێشکەری دەکات.

وَأَنَّ سَعْيَهُ سَوْفَ يُرَى ﴿40﴾

وە بەرهەمی هەوڵ و کۆششەکەشی دەبینرێتەوە (لە قیامەتدا).

ثُمَّ يُجْزَاهُ الْجَزَاء الْأَوْفَى ﴿41﴾

لەوەودوا (خوای بەخشندە) (بە گوێرەی ئیمان و باوەڕو کارو کردەوەی) پاداشتی لەبارو بەجێی دەداتەوە.

وَأَنَّ إِلَى رَبِّكَ الْمُنتَهَى ﴿42﴾

بەڕاستی و دڵنیاییەوە دەڵێین: (کە ئەم ڕێگوزەرە) سەرئەنجامەکەی لەلای پەروەردگارتەوە سەرهەڵدەدات.

وَأَنَّهُ هُوَ أَضْحَكَ وَأَبْكَى ﴿43﴾

هەر ئەو زاتەش دیاردەی پێکەنین و گریانی لە ئادەمیزادا بەدیهێناوە.

وَأَنَّهُ هُوَ أَمَاتَ وَأَحْيَا ﴿44﴾

هەروەها هەر خۆی مرێنەرەو ژیانبەخشە (بە هەموو بەدیهێنراوەکان).

وَأَنَّهُ خَلَقَ الزَّوْجَيْنِ الذَّكَرَ وَالْأُنثَى ﴿45﴾

هەر ئەو دوانەیە کە جووت و دوانە، نێرو مێی بەدی هێناوە.

مِن نُّطْفَةٍ إِذَا تُمْنَى ﴿46﴾

لە نوتفەیەك (لە خاڵێکی زۆر بچوك، ئەویش ئەگەر ویستی خوای لەسەر بێت و نوتفەو هێلکۆکە بەیەك بگەن و) گەشە بکات.

وَأَنَّ عَلَيْهِ النَّشْأَةَ الْأُخْرَى ﴿47﴾

بێگومان هەر بەو دەکرێت ژیانی نوێ (لە جیهانی ڕەستاخێزدا) بەرپا بکات.

وَأَنَّهُ هُوَ أَغْنَى وَأَقْنَى ﴿48﴾

دەوڵەمەندیی و نەداریی، بوون ونەبوون، هەر بەدەست ئەو زاتە کار بەجێییە.

وَأَنَّهُ هُوَ رَبُّ الشِّعْرَى ﴿49﴾

وە هەر ئەوە کە پەروەردگاری (شیعرا)یە، کە: ئەستێرەیەکە هەندێ لە تیرەکانی عەرەب پەرستوویانە، دە، ئەوەندەی خۆرە، یەك ملیۆن ئەوەندەی نێوان زەوی و خۆر لێمانەوە دوورە..).

وَأَنَّهُ أَهْلَكَ عَادًا الْأُولَى ﴿50﴾

هەر ئەو زاتە قەومی (عاد)ی یەکەمینی لەناو برد.

وَثَمُودَ فَمَا أَبْقَى ﴿51﴾

(ثمود)یشی لەناو بردو هیچی نەهێشتن.

وَقَوْمَ نُوحٍ مِّن قَبْلُ إِنَّهُمْ كَانُوا هُمْ أَظْلَمَ وَأَطْغَى ﴿52﴾

زووتریش قەومی (نوح)ی لەناو برد کە ئەوانیش هەر ستەمکار بوون.

وَالْمُؤْتَفِكَةَ أَهْوَى ﴿53﴾

(هەر ئەو زاتە) تاوانباران و شەروال پیسانیشی ژێرەوژوور کرد.

فَغَشَّاهَا مَا غَشَّى ﴿54﴾

ئەو بەڵایەیان بەسەرهات کە بەسەریاندا هات.

فَبِأَيِّ آلَاء رَبِّكَ تَتَمَارَى ﴿55﴾

جا ئیتر (ئەی بێ ئیمان) تۆ لە کام یەك لە نازو نیعمەتەکانی خوا دوو دڵیت..

هَذَا نَذِيرٌ مِّنَ النُّذُرِ الْأُولَى ﴿56﴾

ئەم (پێغەمبەر)ەش یەکێکە وەك پێغەمبەرانی پێشوو.

أَزِفَتْ الْآزِفَةُ ﴿57﴾

ئەوە چاك بزانن كە قیامەت و لێپرسینەوە نزیكە (نزیكە بە نیسبەت هەر ئادەمیزادێكەوە هەر كە مرد ئەوە قیامەت لەو بەرپا بووە، قیامەتی گەورەش كاتێك بەرپا دەبێت هەموان وا هەست دەكەن كە چەند سەعات لەوەوپێش دنیا بوو وا ئێستەش قیامەتە)!!

لَيْسَ لَهَا مِن دُونِ اللَّهِ كَاشِفَةٌ ﴿58﴾

كەسیش ناتوانێت ئەو ڕۆژە بەرپا بكات جگە لەخوای بەدەسەڵات و باڵادەست.

أَفَمِنْ هَذَا الْحَدِيثِ تَعْجَبُونَ ﴿59﴾

ئایا ئێوە ئەم قسەو گوفتارانەتان پێ سەیرە؟!

وَتَضْحَكُونَ وَلَا تَبْكُونَ ﴿60﴾

وە پێی پێدەكەنن و گریانتان نایەت (بۆ ئەو چارەنووسە ڕەشەی كە چاوەڕێتانە).

وَأَنتُمْ سَامِدُونَ ﴿61﴾

وە بەردەوام سەرگەرمی ڕابواردن دەبن و خۆ گێل دەكەن؟! (لە ئەرك و بەرپرسیارێتی).

فَاسْجُدُوا لِلَّهِ وَاعْبُدُوا ﴿62﴾

(دەی كەواتە بێدار بنەوەو داچڵەكێن)سوژدە بۆ خوای (بەدیهێنەر ببەن)، هەر ئەویش بپەرستن.